# هیچ یەکێک لە ئێوە خواردنەوە نەخواتەوە، ئەوەی لە بیری چوو؛ با بڕشێتەوە

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە خواردنەوە بە پێوە». قەتادە دەڵێت: ووتمان بە ئەنەس: ئەی چی سەبارەت بە خواردن؟ ووتی: ئەوە شەڕترە یان بێزراوترە (پیسترە). ولە گێڕانەوەیەکدا: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێگری کردووە لە خواردنەوە بە پێوە». لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ یەکێک لە ئێوە خواردنەوە نەخواتەوە، ئەوەی لە بیری چوو؛ با بڕشێتەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە بە گێڕانەوەی خۆی]

ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە خواردنەوە بە پێوە. قەتادەی کوڕی دیعامەی دەوسی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: ووتمان بە ئەنەس: ئەی چی سەبارەت بە خواردن بە پێوە؟ ووتی: ئەوە لە پێشترە؛ شەڕترە یان بێزراوترە (پیسترە). پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێگری کردووە لە خواردنەوە بە پێوە. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە خواردنەوە بە پێوە، وهەرکەسێک لە بیری چوو وبە پێوە خواردن یان خواردنەوەی خوارد؛ ئەوا سونەتە بڕشێتەوە و واجب نییە، وگوناهبار نابێت؛ چونکە خواردن یان خواردنەوە بە پێوە مەکروهە وحەرام نییە، وئەم نەهی کردنە لە خواردن و خواردنەوە بە پێوە نیشانەی خۆبەگەورەزانین وشانازی کردنی تێدایە وهەروەها لەوەیە بەکەمدانانی نیعمەتی تێدا بێت وجگە لەمەش زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت هەروەکو لە زانستی سەردەمدا ئەم ڕاستیە سەلمێنراوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5450

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee